پێشکەشە بە عەودالآنی حەقیقەت و ڕاستی

# چیرۆکی ژیانی عیسای کوڕی مەریەم لە ئیسلامدا

عليه السلام

يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُم مُّصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيَّ
مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِي ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُ



لە بڵاوکراوەکانی
یەکێتی زانایانی ئایینی
ئیسلامی کوردستان
سلێمانی

# چیرۆکی

# عیسای کوڕی مەریەم (علیه السلام)

# لە ئیسلامدا

لە بڵاوکراوەکانی سکرتاریەتی یەکێتی زانایانی ئایینی
ئیسلامی کوردستان/سلێمانی

١٤٢٨ك - ٢٠٠٨ز

بسم الله الرحمن الرحيم

**ناوی کتێب:** چیرۆکی عیسای کوڕی مەریەم (عليه السلام) لە ئیسلامدا

**ئامادەکردنی:** سکرتاریەتی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان/سلێمانی

**نەخشەساز:** عماد عبدالقادر

**دەزگای چاپ:** ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

**نۆبەی چاپ :** یەکەم

دیارییە و نافرۆشرێت

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس بۆ خوای دلۆڤان درود و سەلام لەسەر هەموو پێغەمبەران بەتایبەتی کۆتای پێغەمبەران (محمد) و یارو یاوەرانیان تا ڕۆژی دوایی.

ئێمەی مسولمان پێویستە لەسەرمان دانبنێین بە پێغەمبەرایەتی سەرجەم پێغەمبەران و ڕێزیان لێبگرین، خۆشەویستی بۆ هەموویان دەربڕین:

﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦ...﴾ البقرة/٢٨٥

حەزرەتی عیسا (عليه السلام) یەکێکە لە پێنج پێغەمبەرە هەرەگەورەو پایەبەرزەکان، خوا موعجیزەی گەورە و سەرسوڕهێنەری پێبەخشیوە و لەو موعجیزە سەرسوڕهێنەرانە کە خوای گەورە لە قورئاندا بۆمانی دەگەڕێتەوە (خوا مردووی بۆ زیندوو کردۆتەوە و کوێر و کەڕو گولی بە دوعا چادەکردەوە، وە نهێنی خەلکانی دەزانی و دەیزانی چیان خواردووە و چیان پاشەکەوت کردووە بۆ داهاتوو، هەروەها لە قوڕ باڵندەی دروست دەکرد و فوی تێدەکرد دەبوو بە باڵداری ڕاستەقینە بە ویستی خودا)

﴿وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدۡ جِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ أَنِّيٓ أَخۡلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأۡكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ آل عمران/٤٩.

جیاواز لەهەموو پێغەمبەران هەر بە پێغەمبەری لەدایك بووە و لەسەر بێشکەدا قسەو گوفتاری کردووە وەك خوای گەورە باسی دەکات و دەفەرموێ ﴿وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗا وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ آل عمران /٤٦

حەزرەتی عیسا (عليه السلام) لەناو مسولمانانادا زۆر خۆشەویستە، چونکە خودای گەورە زۆر لە قورئاندا باسی کردووە بە چاکەو ڕێز،

(٢٥)جار بە (عیسی) و (١١) جار بە (مسیح) لـە قورئانـدا ناوی هاتووە هەروەها لـە دایکبوونی پێچەوانەی داب و نەریت (سروشت) بووە، کە ژنی بێ مێرد منداڵی ببێت کە ئەویش موعجیزەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو، وە بەڵگەی توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە بوو، دایکی تاکە ژنە کە کرابێت بە(نبی)(پێغەمبەر)و خوا پەیامی بۆ نارد و هەموو جارێك حەزرەتی (جبرائیل) کە نازناوی(روحە) بەفەرمانی خوا دەهاتە لای و پەیامی خودای بۆ دەهێنا[١]، وە حەزرەتی مریەم (٣٤) جار ناوی لـە قورئانی پیرۆزدا هاتووە بە ڕێز و پایەبەرزی، بۆیە مسوڵمانان بە ڕێزەوە ناوی دێنن و بە چاوی خۆشەویستیەوە تەماشای پلـەو پایەی دەکەن، بەڵگەش ئەوەیە کە هەندێك لـە زانایانی مسوڵمان بە (نبی) دەزانن هەندێکی تر بە (وەلی) ەیکی پایەبەرز و خاوەن کەرامەتی دەزانن بۆیە ئەگەر مەسیحییەك ببێتە مسوڵمان بە(مرتد)و لـە ئاین وەرگەڕاو دانانرێت چونکە هەر بەردەوام دەبێت لـە سەر بیرو بڕوای بە پێغەمبەرایەتی حەزرەتی عیسا(عليه السلام)، لـەهەمان کاتدا بڕوا بە پێغەمبەرایەتی حەزرەتی محمد(ﷺ) دەهێنێت، بەڵام مسوڵمان گەر ببێت بە مەسیحی بە(مرتد)و لـە ئاین وەرگەڕاو دادەنرێت چونکە بەردەوام نابێت لـەسەر بیرو بڕوای بە پێغەمبەرایەتی حەزرەتی محمد(ﷺ) بەڵکو پاشگەز دەبێتەوە لـەو بیرو بڕوایە و نکۆڵی لێ دەکات.

درود و سەلام لـەسەر حەزرەتی عیسا لـەڕۆژی لـەدایکبوون و لـەڕۆژی مردنی و لـەڕۆژی ژیانـەوەی ﴿وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوۡمَ وُلِدتُّ وَيَوۡمَ أَمُوتُ وَيَوۡمَ أُبۡعَثُ حَيّٗا﴾ مريم / ٣٣.

**محەممەد گەزنەیی**

**سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

---

(١) قال القرطبي: (والصحيح أن مريم نبية، لأن الله تعالى اوحى اليها بواسطة الملك كما اوحى الى سائر الانبياء / الجامع لاحكام القرآن ٤/٨٣

# چیرۆکی ژیانی
# عیسای کوڕی مەریەم (عليه السلام)

عیسا پێغەمبەر(عليه السلام) دوایین پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل بوو، هاتنە دنیاو ژیانی پڕە لەوانەو ئامۆژگاریو موعجیزە، دایکی ئەو ئافرەتێکی پاکیزەی خواناس بوو، کە لەلای زەکەریای مێردی پوری وانەی خواناسیو ئیخلاس فێربوو، هەمیشە لەناو میحرابەکەیدا کە زەکەریا لای(بیت المقدس) بۆی دروستکردبوو خەریکی خواپەرستیو دوعابوو، کاتێکیش نۆرەی دەهات بەجوانی خزمەتی ماڵی خوای دەکرد، مەریەم بەهۆی خواپەرستیو چاکەکانییەوە خوا ڕێزی زۆری گرتو فریشتە بە فەرمانی خوا لەمیحرابەکەیدا خواردنیان بۆ دەبرد، بەشێوەیەك کە زەکەریای مامۆستای سەرسام بوو، فریشتەکان هەمیشە مژدەیان پێدەدا: کە ئەی مەریەم خوا تۆی هەڵبژاردووەو لە نێو ئافرەتاندا پلەی بەرزکردویتەوە، تۆش بەندەیەکی سوپاسگوزاربەو کڕنوشو ڕکوع ببەو لەکۆڕی خواناسان دامەبڕێ. خوای گەورە ویستی گەورەترین موعجیزەی خۆی بە مەریەم ئەنجام بدات، لەکاتێکدا بەبێ ئەوەی هاوسەرداربێت خوا فەرمانیدا کەدەبێت دوایین پێغەمبەری (بەنی ئیسرائیل) کەناوی عیسای مەسیحە لەو ئافرەتە لەدایك ببێت، تا دەستەڵاتی خوا نیشانی خەڵك بدرێ ... مەریەم دەیزانی ئەوە تاقیکردنەوەیەکی قورسەو گەلەکەشی بەدرۆ و هەڵبەستنی قسە فێرن، بۆیە سەرسام بوو بەوەهاکارێك، پەروەردگار فەرمووی ئەوە بڕیاری لەسەردراوەو ناگۆڕێت، ئێمە دەمانەوێ ئەم ڕووداوە بکەینە بەڵگەو نیشانەیەك بۆ خەڵك تا گومانیان نەبێت کەخوا هەرکارێکی بوێت ئەنجامی دەدات.

مەریەم دووگیان بوو بەعیسا(عليه السلام)، لەماوەیەکی کەمدا وادەی بوونی پێشهات، وێڕای ئەوەی مەریەم زۆر دەترسا بەڵام پەروەردگار موعجیزەیەکی دیکەی نیشاندا تا دڵنیای بکاتەوە، ئەویش ئەوەبوو کاتێ منداڵەکەی بوو ڕاستەوخۆ کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ دایکیو ئامۆژگاری کرد کە خەفەت نەخوات هەروەها مژدەی پێدا خوا کانییەکی بۆ تەقاندوەو دارخورمایەکیشی بۆ هێناوەتەبەر دەتوانێت لێی نۆش بکاتو پێی وت: هەرکەس پرسیاری منی لێکردی لەگەڵی مەدوێو ئاماژە بۆمن بکە.

بەم شێوەیە مەریەم دڵنیابوویەوە، عیسای لەئامێزگرتو ڕووەو (بيت المقدس) گەڕایەوە، هەرکەس دەیبینی سەرسام دەبوو، هاواریان دەکرد: ئەی مەریەم ئەم منداڵەت لەکوێبوو؟ خۆ نەدایکت ئافرەتێکی داوێنپیس بوو نە باوکیشت خراپەکاربوو.بەم چەشنە تۆمەتی ناڕەوایان دەخستە پاڵ بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام لە مەریەم بکەن. ئەویش بەردەوام هەر ئاماژەی بۆ منداڵەکە دەکرد، خەڵك دوایکەوتن ، سات بۆ سات ، گەورەو بچووك، ژنو پیاو ، لەدەوری زیاد دەبوون تا گەیشتنە (بيت المقدس) لەوێدا بەفەرمانی خوا عیسای کوڕی مەریەم(عليه السلام) هاتە گۆووتی: - من بەندەی خوام، نامەی بۆناردوومو کردوومی بەپێغەمبەر، لەهەر جێگەیەکدابم پیرۆزو پاکم، فەرمانی پێکردووم بەنوێژو زەکات تا ئەو کاتەی لەژیاندام.



هەروەها فەرمانی پێکردووم چاکەکاربم لەگەڵ دایکم ، نەکراومەتە کەسێکی سەرکەش و بەدبەخت، بۆیە سەلامو ئاشتی خوالەسەربێت ئەو رۆژەی هاتمە دنیاو ئەو رۆژەی دەمرمو ئەو رۆژەی زیندوو دەکرێمەوە.

خەڵکی هەموو سەرسامبوون. باوەڕدارانی راستەقینە دڵنیابوون کەئەمە موعجیزەیەکەو خوا نیشانی داون، بەڵام بێباوەڕان هەروەها جوولەکەکان کەوتنە پڕوپاگەندەو دروستکردنی تۆمەتی ناڕەوا بۆ مەریەم، خوای گەورەش نەفرەتی لێکردن.

پاش ماوەیەك عیسا و دایکی لەگەڵ (یوسف النجار)ی ئامۆزای کۆچیان کرد بۆ میسرو ماوەیەك مانەوە، ئەمەش لەترسی پادشای ستەمکار، وەختێ پاشا مرد ئەوانیش گەڕانەوە.

عیسا(عليه السلام) کەسێکی دنیانەویستو خواپەرستو پاك بوو، دڵسۆزانە ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد، خەڵکیش لەدەوری کۆدەبوونەوە، زۆرکەس باوەڕیان هێناو دەستبەرداری خراپەکاری بوون،



عیسا(عليه السلام) بوە چرایەك بەهۆیەوە خەڵك لەتاریکستانی بێباوەڕی ڕزگاریان بوو، ئەو هەموو کات لەگەڵ پیاوانی ئایینی جوولەکە گفتوگۆی دەکردو هەڵەکانی بۆ ڕاست دەکردنەوە، پەنهانەکانی ئاشکرادەکردن‌و پێیدەوتن:

– ئێوە لەسەر بەرنامەی تەورات نەماون‌و بەئارەزووی خۆتان گۆڕانتان تێداکردوە.

پەروەردگار بۆ پشتگیری لەبەرنامەکەی عیسا کۆمەڵێك موعجیزەی پێدابوو، وەك:

١ـ بەگڵ وێنەی باڵندەی دروستدەکردو فووی پێدادەکردو دەیفەرموو: بەویستی خوا گیانت بێت بەبەردا ، باڵندەکە زیندوو دەبوو دەفڕی.

٢ـ نەخۆشی نابیناو بەڵەك دەستی بەسەر چاوو پێستیاندا دەهێناو بەویستی خوا چاك دەبوونەوە.

٣ـ زیندووکردنەوەی مردووان بە ویستی خوا.

٤ـ زانینی ئەو شتانەی دەیخۆن یان لەماڵەکانیان هەڵیاندەگرت.



ڕۆژێ حەوارییەکان داوایان لەعیسا کرد کەسفرەو خوانێکیان لەئاسمانەوە بۆ دابەزێنێ تا لێی بخۆن دڵئارامبن، عیساش داوای لەخواکرد ئەو ڕۆژەیان بۆ بکات بەجەژن، پەروەردگار وەڵامیدانەوەو فەرمووی:

- لەدوای ئەو موعجیزەیە هەرکەس بێباوەڕبێت سزایەکی دەدەم پێشتر کەس وا ئەشکەنجەو ئازار نەدرابێت.

وێڕای ئەوەی کارەکانی عیسا گەورەیی خوای دەخستەڕوو، بەڵام بەرژەوەندخوازانو سەرانی جوولەکە کەوتنە پیلان لەدژی، لەبەرامبەریشدا(١٢) کەس بوونە قوتابی عیساپێغەمبەرو ناونران حەواریەکان.



عیسا(عليه السلام) بەویستی خوا فێری نووسینو داناییو تەوراتو ئینجیل بوو، ئەو یەکێکە لە ڕشتەی زنجیرەی پێغەمبەران، هەروەك ئینجیلی (لۆقا) لە (ئیسحاحی حەوت) بڕگەی (١٦) دەڵێت: "ئەوا پێغەمبەرێکی گەورەمان بۆ هاتوە" ، هەروەها لەئینجیلی (مەتی) لە(ئیسحاحی بیستو یەك) بڕگەی "٩، ١٠،١١" دەڵێ: "ولما دخل اورشليم ارتجت المدينة كلها قائلة: من هذا ؟ فقالت الجموع: هذا النبي الذي من ناصرة الجليل" قورئانیش دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ ۚ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ، مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ ۖ سُبْحَانَهُ ۚ إِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ﴾ مريم /٣٤-٣٥

واتە: " ئائەوە عیسای کوڕی مەریەمە، هەر ئەوەشە قسەی ڕاستو دروست (کەئەو پێغەمبەرو نێردراوی خوایە) ناگونجێت بۆ خوای گەورە کەس بکاتە ڕۆڵەی خۆی، پاکیو بێگەردی بۆ ئەوە هەر شتێك بڕیار بدات ئەوەندەی دەوێت فەرمانی بوونی پێبکات ئیتر دەستبەجێ دەبێت، عیسای کوڕی مەریەم هیچ لارییەکی نییە لەوەی بەندەی خوابێت هەرکەسیش لاری لەبەندایەتی خۆی بێت نیشانەی خۆبەگەورە زانینو لەخۆبایی بوونە".

ڕۆژێ عیسا(عليه السلام) لەنێو مەسیحیەکاندا ئامۆژگاری دەکردن پێی وتن:

– ئەی نەوەی ئیسرائیل دڵنیابن من نێردراوی خوام بۆ لای ئێوە هاتووم بۆ بەڕاست دانانی ئەوەی لەتەوراتی موسادا هەیە مژدەش بەهاتنی پێغەمبەری دوای خۆم دەدەم کەسوپاسکراوی ئاسمانو زەوییە.

بەمەش عیسا(عليه السلام) زنجیرەی پێغەمبەرایەتی پێش خۆیو دوای خۆی بەیەکەوە بەستەوەو، دڵنیاییکردن پێغەمبەران هەموو یەك پەیامیان پێیەو هەمووشیان بەندەی خوانو کار بۆ بەختەوەری مرۆڤەکان دەکەن.

عیسـای کوڕی مەریەم(عليه السلام) بەردەوام بوو لەسـەر بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی یەکتاپەرستیو ڕەوشتی بەرزو جوان، جوولەکەکان چوونە لای پادشاو تۆمەتێکی ناڕەوایان بۆ دروستکرد کەخەڵکی لەدژی پادشا هاندەدات، ئەویش بەبێ لێکۆڵینەوە فەرمانی دەستگیرکردنو لەسێدارەدانی دەرکرد، بەڵام خوای گەورە بڕیاریداوە هەروەك کاتی لەدایکبوونی پارێزراوبوە ئاواش لەکاتی ژیانو مردندان پارێزراودەبێت، بۆیە ڕووخساری سیخوڕێکی گۆڕییە سەر شێوەی عیساو عیسای کوڕی مەریەمی بەرزکردەوە بۆ ئاسمانەکانو لەدەستی بێباوەڕان پاراستی، پیاوەکە دەستگیرکراو لەخاچ درا، خەڵك وایانزانی عیسایە لەخاچ دراوە بەڵام لەڕاستیدا عیسا نەلەخاچ دراوەو نەکوژراویشە بەڵکو کوژراوەکە تەنیا کەسێکی هاوشێوەی ئەوبوو.



سەبارەت بە بەخوازانینیشیان لەرۆژی قیامەتدا پەروەردگار دەفەرموێت:

– ئەی عیسای کوڕی مەریەم ئایا ئەوە تۆ بەخەڵکت وتوە : منیش‌و دایکیشم بەدوو خوا دابنێن ، جگە پەروەردگار (الله)؟

عیسا(عليه السلام) لە وەڵامدا دەڵێ:

– پاکی‌و بێگەردی‌و بێهاوەڵی شایستەی تۆیە، هەرگیز من شتێکم نەوتووە کە تۆ فەرمانت پێ نەکردبم ، بۆم نییە من شتێك بڵێم بۆ خۆم کە مافی من نەبێت، خۆئەگەر شتی وام وتبێت ئەوە بەڕاستی تۆ دەزانیت بەهەرچی لەدڵو دەروونمدا هەیە، بەڵام من نازانم بەوەی کەلەدەریای زانستی بێپایانی تۆدا هەیە، بەڕاستی تۆ زاناو شارەزای نهێنی‌و پەنهانی یەکانی. پەروەردگار من هیچ شتێکم پێنەوتوون جگەلەوەی تۆ فەرمانت پێداوم، ئەویش ئەوەیە: تەنیا خوا بپەرستن کەپەروەردگاری من‌و پەروەردگاری ئێوەشە، من شایەتبووم بەسەریانەوە هەتا لەناویاندابووم، ئینجا کاتێك منت مراندو گیانت کێشام هەر خۆت ئاگاداربوویت لێیان‌و هەر تۆش شایەتی بەسەر هەموو شتێکەوە.

قورئان دەفەرموێ: – ئەی خەڵکینە بزانن مەسیح کوڕی مەریەم، تەنها بەندەو پێغەمبەری خودایە و هیچی دیکە نییە جگە لەپێغەمبەرێکی خوا کەپێش ئەویش چەندین پێغەمبەری دیکە هەبوون‌و دایکیشی ئافرەتێکی ڕاست‌و خواناس بووە، هەردووکیان خواردنیان دەخوارد..

ئەمەش بەهێزترین بەڵگەی مرۆڤبوونی عیساو دایکییەتی.

پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێت:

- (هەرکەس شایەتی بدات کەهیچ خوایەك نییە جگە لەزاتی (اللّٰه)و ئەو تاكو تەنیایەو بێهاوەڵەو شایەتی بدات محەمەد بەندەو پێغەمبەری خوایەو عیسا بەندەو پێغەمبەری خوایەو فەرمانی خوا بووە بۆ مەریەمو بەهەشتو دۆزەخ بەڕاست بزانێ خوای گەورە بەپێی کردەوەکانی خۆی دەیخاتە بەهەشتەوە) (ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردوە).



# خوێنەری بەڕێز

پاش ئەوەی لەگەڵ کورتە چرۆکی ژیاننامەی پڕ لەوانەی (عیسا) پێغەمبەر (عليه السلام) دا بۆ ساتێك ژیاین، گەیشتینە ئەم ئەنجامە:

١- لەدایکبوونی عیسا پێغەمبەر (عليه السلام) بەبێ باوك بەفەرمانی خوا معجیزەیەك بوو بۆ دەرخستنی گەورەیی و دەسەڵاتی خوای مەزن بۆ مرۆڤەکان هەروەك چۆن (ئادەم) پێغەمبەر (عليه السلام) بەدیهات بەبێ داك و باوك ﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴾ آل عمران /٥٩

شایەنی باسە لە جیهانی گیاندارانیشدا نێرەی (هەنگ)یش بەبێ پیتێن تەنها لە مێیەوە دروست دەبێت، کە ئەمەش بۆخۆی موعجیزەیەکی ترە.

٢- عیسا پێغەمبەر (عليه السلام) بەندەو ڕەوانەکراوی خوایە، نەك خوا یان کوڕی خوا، وەك خۆی دەفەرموێت: ﴿ قَالَ إِنِّي عَبْدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِيَ ٱلْكِتَٰبَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا ﴾ مريم /٣٠

٣- عیسا پێغەمبەر (عليه السلام) شانازی کردوە بەمژدەدانی هاتنی پێغەمبەرێك کە دوا ئەڵقەی پێغەمبەرایەتی یە و بە سوپاس کراو لە ئاسمان و زەویدا وەسفی دەکات کە (احمد) پێغەمبەری ئیسلامە: ﴿ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِي ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُواْ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾ الصف /٦

٤- عیسا پێغەمبەر(عليه السلام) نەکوژراوە و لە خاچیش نەدراوە، بەڵکو خوای گەورە بەرزی کردۆتەوە بۆلای خۆی وەك زیادە ڕێزێك و ڕزگارکردنی لە دەستی ناپاکان و بێ باوەڕان ﴿وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ ۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا﴾ النساء /٧٥١

٥- بڕوادارانی ڕاستەقینە، عیسا پێغەمبەر(عليه السلام) بەبەندەو پێغەمبەری خوا دەزانن و بەهیچ جیاوازیەك لەنێو پێغەمبەران (علیهم السلام) قایل نابن ﴿قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ البقرة /٦٣١

٦- هەرکەسێك باوەڕی وا بێت کە عیسای کوڕی مەریەم عليه السلام خوایە، یان کوڕی خوایە، یان لەخاچ دراوە، ئەوا بە کۆدەنگی سەرجەم زانایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئایەتەکانی پیرۆزی قورئانی بەدرۆ زانیوە و لە بازنەی ئیسلامەتی چۆتەدەرەوە و کافر بووە.

٧- کـەواتە دەبێـت موسڵمـان ئاگادار بێت لـەمەترسـی دروستکردن و بە پیرۆز زانین و لـەمل کردنی ئەو شتانەی کە شێوەی لـە خاچ دانی عیسا دەگەیەنن وەك (صلیب) کە ئەمەش توشبونە بە مەترسیەکانی خاڵی پێشوو.

٨- بەرز ڕاگرتنی یادی لـەدایکبوونی ئەم پێغەمبەرە مەزنە بە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی و ئامۆژگارییە بەنرخەکانی دەبێت، نەك بە ئاهەنگە ناشەرعییەکانی سەری ساڵ و شتی تر .

**تێبینی :**

هەرچی لـەم نوسراوەدا هاتووە پوختەی واتای ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە، بۆیە بەگرنگ زانین و بەهەند وەرگرتن و پاراستن و گەیاندنی ئەرکی سەرشانی هەموو مسولـمانێکی ڕاستەقینەیە.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

مەکتەبی سکرتاریەت/ سلێمانی

٢٠٠٧/١٢/٢٤

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.